# ژیانێک لەپێناو خۆشەویستییەکی بێئاکام و بێدەرئەنجامدا

ئا: ناسك سەعید



**سەرەتای یەکتر ناسین**

ئەو چرکە ساتەی لەسوپەرمارکێتەکەدا ( هێمن)م بینی و بەهۆی کەلوپەل کڕینەوە هەندێك گفتوگۆم لەگەڵیداکرد، هەستم بەخۆشییەکی زۆر کرد و تەواو سەرنجی راکێشم. لەو رۆژەوە ئەگەر تەنها کەلوپەلێکم بکڕیبایە سەردانی سوپەرمارکێتی سەر سووچی کۆڵانەکەمان دەکرد، لەمەوە (هێمن) هەستی بەوە کردبوو کە خۆشەویستیەك و سەرسامیەکم بۆی هەیە،ئەویش زۆر راشکاوانە قسەی لەگەڵمدا کرد، لەم قسەکردنەدا ژمارەی مۆبایلمان گۆڕییەوە،لەمەوە رۆژانە بەنامەو تەلەفۆن قسەمان دەکرد.

کاتژمێر (٩)ی شەو بوو شەوێکی زۆرسارد بوو هاوکات وردە وردە بەفریش پروشەی دەکرد، لەو کاتەدا زەنگی تەلەفۆنم بۆ هات و سەیری مۆبایلەکەم کرد بینیم (هێمن ) بوو، وەڵامم دایەوە، دوای سڵاوکردن (هێمن) وتی : (ژینۆ ) گیان رات چیە ئەگەر من بچمە دەرەوەی وڵات و دواتر تۆش بەرم، بەبیستنی ئەم قسەیە تووشی شۆك بووم، چۆن بڕیارێکی وەها کتوپرت وەرگرت، وتی: دەمێکە بیرم لێکردۆتەوە بەرلەوەی تۆ بناسم بەڵام کاتێك تۆم ناسی زیاتر سوربووم لەسەر ئەو بڕیارە، ناچارم بۆ بژێوی خۆمان ئەم کارە بکەم. ئەو شەوە رازی نەبووم، بەڵام بۆ چەند رۆژی داهاتوو رەزامەندی خۆم نیشاندا .

بۆ بەیانی کاتێك لەپەیمانگا گەڕامەوە چوومە سۆپەرماکێتەکەو لەگەڵ (هێمن)دا لەسەر ئەو مەسەلەیە گفتوگۆمان کرد، پاش چەند رۆژێك (هێمن) خواحافیزی لێکردم و سەفەری کرد، پاش دوو هەفتە پەیوەندی پێوەکردمەوە و وتی : گەڕاومەتەوە بەڵام نایەمەوە بۆ سلێمانی لەدهۆك دەبم هەوڵ ئەدەم برۆمەوە . بۆیە جارێکی تریش رۆیشتەوە ودیسان بەهەمان شێوە گەڕایەوە . (هێمن) دایکی خۆی نەبوو بەڵکو باوەژنی هەبوو بۆیە زۆر لەگەڵ ماڵەوە کۆك نەبوو، لەبەرماڵەوەیان لەگەڵ هاوڕێیەکیدا تەنیسقیان کردبوو کە تەلەفۆن بۆ باوکی (هێمن) بکات و بڵێت (هێمن) گەیشتۆتە بەریتانیا لەکاتێکدا هەر لەدهۆك بوو.

(هێمن) زیاد لەساڵێك لەوێ بوو کە پێیوتم (ژینۆ ) گیان زۆر بێتاقەتم حەز ئەکەم بێمەوە لەوماوەیەدا چەندین درۆی لەگەڵ باوکیدا کردبوو و قەناعەتی پێکردبوو کە لەدەرەوەی وڵاتە، وتم : ناتوانیت بێیتەوە چونکە ئاشکرا دەبێت دواتر بێیتە داوام لەماڵی ئێمە هەر ئاشکرا دەبیت لەبەرئەوە دەبێت تەنها ماڵەوەتان بنێریت بۆ ماڵی ئێمە، بەهەرحاڵ ئەم بەرنامەیەمان سەری گرت و مەسەلەی داواکردن و مارەکردن تەواوبوو، بەڵام ئەوەی مایەوە مەسەلەی رۆیشتنی من بوو، (هێمن) رۆژانە پەیوەندی پێوە دەکردم و رێگەچارەمان دادەنا، هەرچەندە هەمووی بێ سود بوو، تادواجار (هێمن) وتی : من لەگەڵ براکەتدا قسە دەکەم بەڵکو چارەیەکی پێ بێت.

(هێمن) لەگەڵ براکەمدا قسەی کرد و تەواوی راستییەکانی پێوت، براکەم پێی وت : کە بێتەوە بۆ سلێمانی، بەڵام نە من،نە (هێمن) رازی نەبووین.خۆم زۆر هەوڵم لەگەڵ براکەم دا تا رازی بکەم،بەڵام بێسود بوو. براکەم وتی : لەبەرئەوەی درۆتان کردووە من قسە لەگەڵ باوکمدا دەکەم، باسکردنی ئەو بابەتە لەماڵی ئێمە بوو بەدەنگە دەنگ و ئەنجامەکەی

ئەوەبــوو کە دەبێت (هێمــن) بێتەوە، ئەویش لەبەر ماڵی باوکی نەیدەتوانی بێتــەوە، بۆیــە بڕیاردرا کــە ئێمە جیاببینەوە.بەبێ ئەوەی من ئاگاداربم بە(هێمن)یان وتبوو دەبێت ژینۆ تەڵاق بدەیت.مــن بەباوکــم وت بەوە رازی دەبــم بچمە دهــۆك لەگەڵ (هێمن) دا بژیم بەڵام باوکم بەهیچ شــێوەیەك قبوڵی نەکرد، هاوکات (هێمن) وتی : منیش تەڵاقی نادەم، ئەوەندەی دیکە کێشەکەمان قووڵ بۆوە.

ڕۆژێــك دایکــم چوو بــۆ ماڵی (هێمــن) و پێیوتبون کــە کوڕەکەیان لێرەیەو دەبێــت بێن کچەکەمان تەڵاق بدەن، بەمەش ئەوەندەی دیکە لەهێمن توڕەببوون، باوکی رازی بوو کەمن و هێمن جیاببینەوە،من هەرپێم دادەگرت کــە جیانەبینەوە و بچــم بۆ دهۆك، لەم مەســەلەیەدا تەنها خوشــکێکم پشتگیری دەکردم،بۆیە هێمن زۆر قسەی لەگەڵ براکەمدا کرد هەرچۆنێك بوو رازی کرد کە من بچمە دهۆك بەڵام کەسوکارم زۆر لێمتووڕە بوون.

نزیکەی شەش مانگ لەدهۆك ماینەوە، داوام لە (هێمن) کرد بڕۆینەوە بۆ ســلێمانی، وتم : بگەڕێینەوە باشــترە من هەوڵ ئەدەم لەدەزگایەك دابمەزرێم و ئەویش بچێتەوە ســەرکاری خــۆی، بەڵام هێمن هەر رازی نەبوو، لەســەر ئەو مەسەلەیە لێمان بوو بەناخۆشی، وتی : من هەوڵ ئەدەم بڕۆین بۆ دەرەوەی وڵات و پارەشــمان نەبوو هەردووکمان بڕۆین،بــەڵام بێ وەفایــی (هێمن) ئەوەبوو کە جارێکی دیکە ڕۆیشــتەوە بۆ تورکیا و منی بەجێهێشت، لەوێ زۆر مایــەوە دواتــر هەرچۆنێك بوو دەرچــوو گەیشــتە بەریتانیا، بەڵام گرفتی گەورە بۆ من دروســت بوو، بەبێ ئەوەی خەمێکــی من بخوات منی بەجێهێشــت، و نەمدەزانی چی بکەم؟ ئەوەی کە منی زۆر ناڕەحەت دەکرد ئەوەبوو کە من ســکم هەبوو، پاش ماوەیەکــی زۆر ئینجا (هێمن) وتی : من چۆن ڕۆیشتووم تۆش بەو رێگەیەدا بــڕۆ، ئەمەش گەورەترین گرفــت بــوو بۆ من، چونکە (هێمن) زۆر کەمتەرخەم بوو لەبەرامبەر من هیچ بیری لەمن نەکردەوە کە چۆن خێزانەکەم حاشایان لەمن کردووە و ناتوانم بگەڕێمەوە یان چۆن بەتەنها لەدهــۆك بژیم. لەبەر سەخت ژیان و ناڕەحەتی خۆم بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ سلێمانی، بەڵام ئەوەی جــێ خەفەتم بوو ئەوەیــە کە ماڵی باوکم لەوپەڕی بێ بەزەییدا دەرگای ســۆز و خۆشەویســتیان لێداخستم و نەیانهێشت بچمەوە ئەو ماڵەو وتیان : قسەی ئێمەت شکاندووە بۆ کوڕێك کە ئەویش وەفای بۆت نەبوو بۆیە چۆن بەدوای ئەودا ڕۆیشتی با هەر ئەویش بەخێوت بکات و ماڵت بۆ دابنێت . بە داخەوە کە هەر بەمشێوەیە بێ جێگە و رێ مامەوە و تا ئێســتاش (هێمن) نە هیچی بۆ کردم و نە ئاوڕێکیشی لێدامەوە . بۆیە بە ناچاری لەرێگەی هاوڕێیەکمــەوە چوومــە یەکــێ لە رێکخراوەکانی ژنان و ئێستا لەوێ لە شلتەرێکیان کە بۆ ئەم جۆرە کێشانەیان دروســتکردووە، ژیان بەســەردەبەم و لەچاوەڕێــی لەدایکبوونی مناڵەکەم و هاتنەوەی (هێمــن)دام . جا نازانم چارەنووسم بە چی دەگات و ڕۆژگار چیم بۆ دەکات؟



# قیستی عەرەبانەودەستگێڕ
# كێشەی خێزانی لێكەوتۆتەوە

دیاردەی فرۆشتنی كەلوپەلی ناو ماڵ و جلوبەرگی ژنان و كەرەستەكانی جوانكاری بە هۆی دەستگێڕولە سەر عارەبانە و ئەو ئۆتۆمبێلانەی كە تەرخانكراوە بۆ فرۆشتنی ئەو جۆرە كەلوپەلانە دیاردەیەكە لەناوگەڕەكەكاندا دەبینرێت . ئینجا بەشێكی ئەو دەستگێڕ و عارەبانە و ئۆتۆمبێلانە بێجگە لەوەی كە بەنرخێكی گران شت دەفرۆشن، هەروەها كەلوپەلیش بەنرخی گرانتر بە قەرزدەدەن، ئەمەش وای كردووە تائێستا زۆر ئافرەت بە هۆیەوە توشی كێشە و ناخۆشی بن لە ماڵەوە لەگەڵ مێردەكانیان . تەنانەت حاڵەتی وا هەبووە ژن لە ماڵە مێردی زیز بووە یا مێردەكەی لە ماڵ دەریكردووە یا لە ئەنجامی پەرەسەندنی ناكۆكییەكانیان تەڵاقیش دراوە . چونكە لەوانەیە ئەو ئافرەتە پارەیەكی زۆر قەرزاربوبێت كە لە توانای مێردەكەی نەبووبێت ئەو بڕە پارەیە بداتەوە . بێگومان كەلوپەل بە قەرزگێڕانەوە چەند هۆكارێكی لە پاڵەوەیە و لەم ڕاپۆرتەدا هەوڵمان داوە ئەم كێشە بورووژێنین...

سەرەتا بۆ بەسەر كردنەوەی ئەم باسە بەنێو هەندێ كۆڵان و گەڕەكی شاردا گەڕاین بۆ ئەوەی بەشێ لەو ئافرەت و دەستگێڕ و خاوەن ئۆتۆمبیلانە بدوێنین و بزانین ئەوان خۆین چ دەڵێن بۆ ئەم مەبەستە ڕێكەوتی (ئەمیر گەیلان)ی خاوەن عارەبانەمان لە گەڕەكێكی میللی كرد و لەسەر چۆنیەتی گەڕان و سوڕانیی بە نێو كۆڵان و گەڕەكەكان و چۆنیەتی مامەڵە كردنی لەگەڵ ئافرەتان گفتوگۆمان لەگەڵی كرد و ئەویش بەجۆرە قسەی خۆی بۆ كردین و وتی: من لە مێژە ئەم كارە دەكەم و قازانجەكەشی باشە و خۆمی پێبەڕێوە دەبەم . بەیانیان دەردەچم تا نیوەڕۆیە حەوت هەشت گەڕەك دەكەم . بۆ ئێوارەكەی ئەگەر پێڕابگەم یەك دوو گەڕەكی دیكەش دەكەم . لە هەندێ كۆڵانی ئەم گەڕەكانەكڕیاری خۆم هەیە لەهەندێكی تریشیان هەندێ لە ئافرەتان بە گوێرەی پێوستیان بە شتومەك و كاڵا رووم تێدەكەن . ئافرەتە كڕیارەكان زۆربەی شتەكانم بە قەرز دەبەن، جا سەرەتا نیوەی پارەكەیان لێوەردەگرم، نیوەكەی تریش بەقەرز و هەر جارەی بەشێكیان لێوەر دەگرم . من تا ئێستا لەسەر قەرزەكانم تووشی كێشە نەبوویمە لەگەڵ كڕیارەكانم چونكە شت نادەمە كڕیارێك بە قەرز ئەگەر نەیناسم و دڵنیا نەبم لەوەی كە قەرزەكەی لە كات و ساتی خۆی دەداتەوە . بەڵام هەبووە لەگەڵ كڕیارەكانی دووچاری كێشە بووە جا لەسەر كات و سات دانەوەی قەرزەكەی بووبێت یان لەسەر بڕی پارەكە بووبێ كە لەگەڵ مێردەكەی تووشی كێشە بوە و ئەویش لەگەڵ خاوەن عەرەبانەكە دەیكاتە كێشە . من نازانم چ ئافرەتێك لەسەر ئەمە لەگەڵ مێردەكەی تووشی كێشە بووە یان نە، بەڵام بۆ خۆم شت بەقەرزدانم پێباشە . بەڵام **(وریا مستەفا) كە ئێ و ئەم كۆڵان ئەو كۆڵانان دەكات**



**دەڵێ :** کەلەپەلەکانی من زۆربەی کەرەستەی جوانکاری و جلوبەرگن و زۆر جار بەقەرز شت دەفرۆشمە کڕیارەکانم . بێگومان مادام بە قەرز بیدەم نرخەکەی دوو جار و سێ جارگرانتر دەبێ و کڕیارەکەش بە خۆی دەزانێ کە شتی بە قەرز گرانتر دەکەوێ لە شتی بە حازر . من دوو جاران بە چاوی خۆم بینیومە کە ژن و مێرد لە سەر شتکڕین بەقەرز لە سەر عارەبانەکەم تووشی دەمەقاڵە هاتوون . جارێکیان ژنێك بێپرسی مێردەکەی دووقاتی برد، کە ئێوارە مێردەکەی زانیبووی کردبویانە مشتومڕ و بۆ بەیانییەکەی کە چوومەوە کۆڵان ژنەکە هاتبوو جلەکانی هێنابۆوە منیش گوتم وەرینا گرمەوە گوتی بەخوا ئەگەر لێمی وەرنەگرییەوە مێردەکەم سوێندی خواردووە و تەڵاقم دەدات منیش لەناچاریان لێموەرگرتەوە گوتم با لە سەر شتێکی وەها ماڵی لێتیکنەچێت . جارێکی تریش ژن و مێردێك هەر لەسەر عارەبانەکەم لەسەر ئەوەی ژنەکە بەقەرز کۆمەڵێك کەلوپەلی بەبێ پرسی مێردەکەی کڕیبوو کردیانە قڕەقڕ و مشتومڕ و مێردەکەی بەزۆر شتەکانی پێهێنابۆوە .

**ئەم دیاردەیە لەناو ڕەتکردنەوە وسوودەکانی (شێرزاد کانەبی) ئەم دیاردەیە بە دیاردەیەکی ناشیرن وەسف دەکات و دەڵێ:** بەرانی من دیاردەیەکی ناشیرینە کە ئەمرۆ لە کوردستان بوونی هەیە ئافرەتانێکی زۆر کەلو پەل بە قەرز دەگێڕنەوە بە تایبەتی لە گەڕەکە میللییەکان بە ڕیژەیەکی بەرز هەستی پێدەکرێت .بێگومان ئەم شتە تەنها چاولێکەرییە چونکە ئافرەتێك کاتێك دەبینێت دراوسێیەکەی شتێك دەگێڕێتەوە بەقەرز دەڵێ دیارە باشە بامنیش بیگێڕمەوە . خۆ ئیرەییش بە یەکتر ڕۆڵی خۆی هەیە یەك لەرقی ئەویتر شت دەکڕێ . خەریکە بڵێم ئەم دیاردەیە وەکو کولتورێکی لێهاتووە واتە وەنەبێت تەنها یەك کەس و دووکەس ئەم کارە بکەن بەڵکو خەڵکێکی زۆر دەیکات.

بەڵام بە پێچەوانەی (شێرزاد)، مامۆستا **(شەونم تەحسین) ئەم کارە بە کارێکی باش لە قەڵەم دەدات و دەڵێ:** پێموایە کارێکی زۆرباشە چونکە یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە کەم دەرامەتن توانای دانی بە یەکجاری پارەکەیان نییە . بەڵام هەندێجار کێشەکە لەوە پەیدا دەبێت کە ئافرەتی وا هەیە چەند مانگێك لەسەر یەك کەلو پەل دەگێڕتەوە و پارەکەشی نادات تاوای لێدێت پارەکەشی پێنادرێت و هەم لەگەڵ فرۆشیارەکە و هەمیش لە ماڵەوە لەگەڵ مێردی دووچاری کێشە دەبێت . پێموایە ئەو جۆرە ئافرەتانە یا ئەوەتا ژنێکی کابان و ئیداری نین یا ئەووەتا لە رووی دەروونییەوە کێشەیان هەیە . چونکە دەبێت مانگانە پارەیەکی دیاریکراو بدەیت تا لەسەرت زۆر کۆنەبێتەوە . هەروەها خاتوو شەونم گوتیشی: من بەش بە حاڵی خۆم کەل و پەل بە قەرز دەگێڕمەوە بەڵام بەپێی توانی گیرفانی خۆم و هەفتانە پارەکەی دەدەمەوە نایەڵم لەسەرم کەڵەکە بێت و کەل و پەلی زۆریش ناگێڕمەوە کە توانای دانەوەی پارەکەم نەبێت . بۆیە داواکاریشم لە هەموو خانمان کە کەل و پەلی وا زۆر نەگێڕنەوە تا زۆر کۆببێتەوە و بەهۆیەوە توشی کێشەی ناو خێزان و لێکجیابوونەوە و تەڵاق ببن . چونکە لە ماوەی رابردوو دراوسێیەکمان لەبەر ئەوەی بەبێ پرسی هاوسەرەکەی شتی زۆر گێڕابۆوە پارەکەش زۆربوو گەیشتە ملیۆنیوێك تاوای لێهات هاوسەرەکەی زۆر لێی توڕەبوو بوە کێشەیان و ئاخیرییەکەی تەڵاقیدا.

هەروەها بەشێکی ئافرەتان لەگەڵ ئەوەدانین کەلو پەل بە قەرز بگێرنەوە چونکە هەردەبێت بیدەیتەوە زوو بێت یاخود درەنگ دواتر لەوانە کێشەوگرفتی بە دواوەبێت هەروەك شیلان ئەحمەد دەڵێ: بەرای من هیچ مانایەکی نییە ئافرەت شتێك بە قەرز دەگێڕێتەوە بڕەکەی ١٠٠٠ یان ٢٠٠٠ هەزارە هیچ مانایەکی نییە نازانم هاوسەرەکەی پارەی پێ نادات یاخو هەر خودی ئافرەتەکە خۆی حەز بە قەرزاری دەکات . من هەتاوەکو ئێستا کەل و پەلم بە قەرز نەگێڕاوەتەوە لەو عارەبانە و ئۆتۆمبێلانەی کە لە کۆڵانەکان کەلو پەل دەفرۆشن چونکە ئەوانەی لە کۆڵانەکان دەگەڕێن شتەکانیان باش نییە دواتریش بۆ دراوسێ لە شتە تایبەتیەکانت بزانێت هەروەها هەرکاتێکیش کابرا هات بۆ داواکردنەوەی قەرزەکەی دێت لە دەرگا دەدات. لەبەر ئەوە خۆش نییە چونکە جاری وا هەیە تۆ میوانت هەیە لە پێش چاوی میوان داوای قەرزت لێبکات بۆیە من بەشتێکی هەڵەی دادەنێنم. **(عەلی شەمسەدین) دەڵێ :** بۆ ماوەی ١٣ ساڵ زیاترە کمالیات و شتی ئافرەتان بە کۆڵانەکاندا دەگێڕم و دەفرۆشم، سەرەتا شتم بە قەرز نەدەدا بەڵام دواتر کڕیارێکی زۆرم پەیداکرد پێمباش بوو بە قەرزیش شت بدەم و لە هەندێکجار توشی کێشە دەبم چونکە هەندێك ئافرەت هەیە قەرزەکەم ناداتەوە و یاخود زۆر وەدرەنگی دەخات ناچارم هیچی تر شتی پێ نەدەم دواتر ئەگەر قەرزەکەی نەداوە ناچارم بە پیاوەکەی بڵێم . ماوەیەك بەر لە ئێستا ئافرەتێك بۆماوەی ٥ مانگ زۆربەی هەفتەکان کەلوپەلی بە قەرز دەگێڕایەوە هەر پارەی نەدەدا ناچار بووم بە هاوسەرەکەی بڵێم بەڵام کاتێك بە هاوسەرەکەیم گوت زۆر سەری سوڕما کە خێزانەکەی بایی ٨٠٠هەزار دینار قەرزارە دواتر وتی : من پەیوەندیم پێوەنییە، پێت نەدابایە . دواتر کێشەکە چەند مانگێکی خایاند لە کۆتایدا بە زۆر پارەکەم لێسەند . بەڵام ئافرەتیش هەیە کەلوپەلی سەر عارەبانە و ئۆتۆمبیلە گەڕۆکەکان ناکڕن.. و دەڵێن هەمووی شتی خراپ و سادەن و پارەکەشیان پێ زۆرە .. **خاتوو (ئەسما بیلال) کە دانیشتووی گەڕەکی بەختیارییە و ئەندازیارە دەڵێ :** بۆ خۆم بە هیچ شێوەیەك کەلوپەلی سەر ئەو عارەبانە و دەستگێڕانە نەك هەر بە قەرز بەڵکو بە نەختینەش ناکڕم . چونکە کەرەستەکانیان هەمووی خراپ و بێکەڵکن، شتێکی واش ناهێنن سوودی هەبێ ئەگەر بشیهێنن دڵنیابە بەنرخێکی زۆر گران دەیفرۆشنەوە . جارێکیان ژنە دراوسێییەکمان لەگەڵ مێردەکەی ببوە کێشەی لەسەر ئەوەی کە ژنەکە چەند پارچە قوماشێکی لە سور عەرەبانەیەك کڕیبوو ئێوارە مێردەکەی کە زانیبووی کردبویە شەڕ لەگەڵی و دیار بوو مستێکی توندی خێواندبووە چاوی و بۆ بەیانی بەری چاوی شین و مۆر ببوو . بەیانی کە یەکترمان بینی بەخۆی هۆی چاو شین و مۆر بوونەکەی بۆ باس کردم منیش گوتم چیت کڕیووە ئەویش پارچە قووماشەکانی پێنیشاندام، کە لە نرخەکەیم پرسی، نرخێکی خەیاڵی گوت منیش پێمگوت بەخوا ئەو نرخەی کە پێتی فرۆشتووە سێ هێندەی نرخی بازاڕە و پیاوەکەت هەقی بووە وا تووڕە بووە . ئیتر کە خاوەن عارەبانەکە هاتبۆوە پاش مشتومڕێکی زۆر ئەوجا رازی ببوو پارچە قوماشەکان وەربگرێتەوە .

**(هێڤین سەلام) کە توێژەرێکی کۆمەڵایەتیە ئاماژە بۆ ئەوەدەکا کە:** دیاردەی کەلوپەل فرۆشتن لە ناو کۆڵانەکان تەنها لە هەرێمی کوردستان هەیە چونکە نە لە وڵاتە ئەوروپیەکان نە لە ئاسیاش ئەم دیاردەیە نییە . بە بڕوای من پێشتر ئەمە لە گوندەکان باوبوو چونکە هیچ شتێك نەدەگەیشتە گوندەکان و دانیشتووانی گووندیش رووبان لە شارەکان نەدەکرد ناچار ئۆتۆمبێلێك دەچوو بۆ گوندەکان و کەلوپەلی جۆراوجۆری لەگەڵ خۆی دەبرد . دەتوانم بڵێم پێش ساڵی ٢٠٠٧ ئەم دیاردەیە هەروەك خۆمان دەیبینین بەروکەمبوونەوە چووە لەبەرئەوەی خەڵکە هۆشیارییەکی زۆری هەیە لە چاو جاران هاوکات باری گوزاری خەڵکیش بەرەوپێش چووە . بەڵام لە گەڕەکە میللییەکان زیاتر دەبینرێت . لە لایەکی ترەوە شت بە قەرز گێڕانەوە ڕەفتارێکی نەرێی زۆر خراپە ماکی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری لێدەکەوێتەوە،چونکە هەندێکجار بۆتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزانێك یان دروستبوونی کێشەوگرفتی گەورە.

**لەگــەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی لەم ســەردەمەدا کە کۆمەڵگەی کــوردی بەخۆیەوەی بینیوە، کە بەشــێکیان ئەرێین و گۆڕانکاری بەسەر جۆر و ســتایلی ژیانماندا هێناوە، بەڵام ئەم گۆڕانکاریانە هەندێ دیاردەی نێگەتیڤیشــی لەگــەڵ خۆیدا هێناوە، یەکێك لەو دیــاردە نێگەتیڤانەش نێرگەلە کێشــانی ئافرەتانە، کە بەرادەیەکی بەرچاو زیادی کردووە و تەنانەت لە شوێنە گشتییەکانیش لێرەو و لەوێ ئافرەت دەبینرێت نێرگیلە دەکێشــێ . تەشــەنە کردنی کێشانی نێرگیلە لەلایەن ئافرەتانەوە کە خوویەکی خراپ و زیانبەخشە بە تەندروستیان، هۆکار و دەرەنجامی خۆی هەیە، لەم راپۆرتەدا هەوڵدەدیــن ئەم دیاردەیە تاوتوێ بکەین و هــۆکاری بڵاوبوونەوەکەی لە زاری ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان ئێستا خوویان پێوە گرتووە بابەتەکە بخەینەروو .**

# بڵاوبوونەوەی کێشانی نێرگەلە لەلایەن ئافرەتانەوە خەریکە دەبێتە دیاردەیەک



(سەبریە ئەحمەد) کە دانیشتووی شاری ســلێمانییە و دەمێکە فێری نێرگەلە کێشان بووە، ســەبارەت بە چۆنییەتی خوو گرتنی بە نێرگەلە دەڵێت « لەگەڵ هاوســەرەکەم زۆرجار دەڕۆین بۆ ڕێســتۆرانت و شوێنی گشــتی نێرگەلە دەکێشــم هــەر بەهۆی ئەویشــەوە فێــر بووم چونکە لەماڵەوە بۆ خۆم ئامادەی دەکەم بۆ هاوسەرەکەم. ئەوە هۆکار بــوو بۆ ئەوەی فێری نێرگەلە کێشان ببم. هەر بۆیــە ئەو جێگانەی کە بۆی دەچین شــوێنە ڕاقیەکان و پێشــکەوتوەکانن، جــا لەم شــوێنانە ئەوەنــدە ئافرەتی دەرەوەی وڵات و ئافرەتــە عەرەبی لێن و بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەڵکەوە ئــەم چــڕە دووکەڵــە هەڵدەمژن بەڕاســتی ئەو شەرمەیان شــکاندوە بۆ نێرگەلە کێشــان، بــە تایبەت بۆمــن دوو هاوڕێی ئافرەتی عەرەبم هەیە کە ئەوانیش دەکێشــن لەو شــوێنە گشــتیانەدا . ئینجا زۆر شەو دەڕۆینە پارکەکان بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خــۆش نێرگەلەکەش لەگەڵ خۆمان دەبەین . تائێســتاش کەس نەیوتوە عەیبە نێرگەلە بکێشین. لای کوردیش ئەوەندەی عەیبە کە هاوسەرەکەت ڕەزامەندی لەسەر شتێك نەبێت، بەڵام من هاوســەرەکەم ڕازییــە بۆ ئەوەی بیکێشم، نێرگەلە کێشانیش زۆر تایبەتترە لە جگەرە کێشــان بۆیە زۆر ئاساییی و ئاسانە بۆ ئافرەتان بەڵام ئــەوەی نارەحەتم ئەکات منداڵەکانمە ئەیانــەوێ دووبارەی هەڵس و کەوتەکانی ئێمە بکەنەوە، بۆ نموونە کوڕەکەم ١٦ســاڵە پێیدەڵێم مەیکێشە، ئەڵێت خۆت و بابم مەکێشن بۆئەوەی ئێمەش نەکێشین.

**(لەیلا ئەبوبەکر) کارمەندە لە نەخۆشخانە تەمەنی ٣٦ ساڵە کە نزیکەی شەش مانگێگە فێری کێشــانی نێرگەلە بــووە دەڵێت:** بۆ ماوەی شەش مانگە فێری نێرگەلە کێشان بووم هۆکارەکەشی ئەو بۆنەیەتی کەهەیەتی چونکە بۆنەکانی زۆر تایبەتن بۆشم ئاساییە و لە زۆر شــوێنی گشتی دەکێشم بەتایبەت دوای نان خواردن پێم خۆشــە بکێشم . هەر بەوهۆیەشەوە دەچمە ئەو ڕێستۆراتانەی کە نێرگەلەیان هەیە. ئەو سەردەمە بەسەر چووە کە پێمان شەرم بێت نێرگەلە بکێشین. بگرە ئێستا وەك پۆزێك زۆربەی ئافرەتان دەکێشن نەك ئەوەی کەشــەرم بێت . ئێمەی ئافرەتان بەو هەموو دەســتکەوت و توانایەی خۆمان گەیشتوین بۆچی ئەوەندە تەسك بیربکەینەوە کــە شــەرم بێت ئەگــەر بێــت و نێرگەلە بکێشــین. بەڵام ئەگەر بێت و شــوێنێکی تایبەت بە ئافرەتان دروستبکرایە بۆ مانەوە و حەسانەوەی ئافرەتان و دانیشتنە تایبەتەکانی ئافــرەت خۆیان ئەوا گونجاوتر و تایبەت تر دەبوو. چونکە ئاساییە ئەگەر بڵێین ئافرەتان لەو شــوێنانە دڵنیاترو خۆشحاڵتر دەبن کە ئافرەتان بەڕێوەی دەبەن زۆر ئاشکراش دیارە کە هەڵســوکەوت کردن لەو شوێنانە لەگەڵ ئافرەتان خۆشترە تا پیاوان .

(شــنۆ عەلی) تەمەنی **٣٣** ساڵەو دەڵێت : کە چوومە ژیانی هاوسەرییەوە و لەگەڵ هاوسەرەکەم ئەو بڕیارەمان دا کە نابێت بێتە ناو ماڵــەوە جگەرە بکێشــێ ئەوەندە بێزار بووم لە جگەرە کێشــان. بەڵام کە وردە وردە لەگەڵی دەڕۆشــتم بۆ ســەردان و سەفەرە تایبەتیەکانــی ئافرەتی برادەرەکانیم دەبینی کە نێرگەلە دەکێشن ئەوەندەی پێدەوتم بۆچی نایکێشــی و بۆچی نایکێشی خۆت مەگرە چونکە لــە کۆتایدا هەر فێردەبی ئیتر ئەوە بوو کەوتمە لاســایی کردنەوەی ئەوانی تر و منیش فێری بووم . ئێستا لە ماڵەوەش و لە شوێنە گشــتیەکاندا دەکێشم و زۆر ئاساییە . لە شــاری ســلێمانی وردە وردە ئەو شتە دروســتبووە کە ئەوە عەیب نەبێت نێرگەلە بکێشین . باشــە بۆچی ئەو هەموو پیاو و گەنجە دەکێشن بۆچی کچان و ئافرەتانیش نەیکێشن . زۆربەشی تەنیا لاسایی دەکەنەوە

چونکە ئێستا بووە بە خوو پیاوان بۆ زۆر کۆڕو کۆبوونـــەوەی تایبـــەت ئافرەتەکانیان دەبەن ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکان بەو تێکەڵاوییەی ئافرەتان و پیاوانیش ئەو دابە دروســـتدەکات کە ئاســـاییی بێتەوە کـــە ئافرەتان نێرگەلە بکێشن وەك هەموو خواردن و خواردنەوەکانی تریش ئەگەرچی بۆ تەندروستی زۆر خراپە بەڵام ئافرەتانیش ئـــازادن و مافی خۆیانە چیان پێخۆش بوو بیکێشن و بیخۆنەوە.

هەنسك فەریق تەمەنی ٢١ساڵەو دەڵێت: زۆربەی جـــار لە ماڵەوە نێرگەلە دەکێشـــم بەڵام تائێســـتا نەمهێشـــتوە باوك و براکانم بم بینن چونکـــە نامەوێ ئەوان ئاگادار بن دڵنیام پێیـــان ناخۆش دەبێت و لەناو خێزانی ئێمە زۆریان پێناخۆشـــە کچەکانیان نێرگەلە بکێشن تەنیا وەك پیاوەکان لاسایی دەکەمەوە دەشـــتوانێ کاتت پێبکوژێت بەس ئەوەندە، ئەگینا هیچ خۆشییەکی تری نییە و کەی بمەوێ وازی لێدەهێنم.

## خوویەکی خراپ و زیانبەخش

ئەگەرچـــی هەنـــدێ ئافـــرەت چ وەك چاولێکەری و چ وەك حەز و ئارەزوو فێری نێرگەلە کێشـــان بووینە، بـــەڵام ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتانیش هەن کـــە بە عادەتێکی ناتەندروست و زیانبەخشی دادەنێن و هەندێ لـــە ئافرەتانیـــش تەنانەت بە عەیبەشـــی دەزانـــن کـــە ژن یا کچ نێرگەلە بکێشـــن، بۆ نموونە (د.ســـەیران جەبـــاری) پێیوایە کە ســـەرەڕای زیانە تەندروستییەکانی، بە شتێکی ناشیرینیشـــی دەزانێ ئافرەت خوو بداتە فێربوونی هەڵمژینی ئەم چڕە دووکەڵە پیســـە و دەڵێت : من نازانم هەڵمژینی ئەو هەموو دووکەڵە زیانبەخشە چ خۆشی و تام و لەزەتێکی هەیـــە کە نەك ژن تەنانەت کە پیاویش دەیکێشـــێ !! بەڕاستی عادەتێکی خراپ و بێزەوەرە، ئەســـڵەن هەر شـــتێکی ناشیرینیشە کە دەبینی ئافرەتێك لە شوێنێکی گشتی نێرگەلەیەکی لە پێش خۆیەوە داناوە و خەریکـــی قوم لێدانییەتـــی . ئەوە جگە لەوەی کە لەســـەرێکەوە زیان بە تەندروستی خـــۆی دەگەیەنـــێ، زیان بە تەندروســـتی کەسانی دەورو بەر و تەنانەت ژینگەش دەگەیەنێت . خۆزگە حکومەت ئەم داردە زیانبەخش و ناشارستانییەی قەدەغـــە دەکرد کە بـــەڕای من هیـــچ پەیوەندییەکی بە ئازادی شەخسییەوە نییە .

مامۆستا (ماردین شوانی)یش پێوایە فێربوونی ئافرەتان بەم عادەتە جگە لە چاولێکەرییەکـــی کوێرانە هیچی تر نییە و دەڵێ : بەڕای من بڵاو بوونەوەی ئەم خووە زیاتـــر بەهۆی چاولێکـــەری و کاریگەری تەلەفزیۆنـــە عەرەبییەکانەوە بـــووە، کە لە ڕیپۆرتاژەکانیان و لـــە زنجیرە تەلەفزیۆنی و دراماکانیانـــەوە ئەم نە ر یتـــە پەخـــش دەکەن .

لای خۆشـــمان لێرە و لەوێ کـــە دەبینرێت هەنـــدێ لە ئافرتـــان دەیکێشـــن ئافرەتی دیکەش چاویان لێدەکەن و لاساییان دەکەنەوە . بێجگە لـــەوەش گازینۆ و چایخانەکان و بازرگانە چاوچنۆکەکانیش رۆڵێکی خراپ و نالەباریـــان هەیە لـــە بڵاوبوونەوەی

نێر گە لـــە

کێشـــان . بەراستی

هەقـــە هەمووومـــان بەگژ

ئەم داردە زیانبەخشـــەدا بچینەوە و

هوشیارییەکی گشـــتی بڵاوبکرێتەوە کە نـــەك هەر ئافرەتان بەتەنیـــا بگرە پیاوانیش وازی لێبێنن و تەرکی بکەن

